گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی پرۆتۆکۆلی زمانی و نازمانی لە ڕازیکردندا

**خلیل شریف مولود**

بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

xalilsharef@gmail.com

**پ.ی.د. عبدالله حسین**

بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

abdulla.raswl@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٣/٦/١٤

پەسەندکردن:٢٠٢٣/٨/٢

بڵاو کردنەوە:پایز٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**

*Role, Protocol, Linguistic Protocol, Non-Linguistic, Protocols, Persuade*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.3.17

## پوختە

پرۆتۆکۆل و هونەری ئەتەکێت پێویستیەکی لەپێشینەی کاروباری فەرمی ودەوڵەتیی دنیای ئەمڕۆیە، کە لە سەردانە فەرمییەکانی سەرۆک و شاندی پایەبەرزی وڵاتان زۆرترین سەرنج و زومی چاوی میدیاکاران و سۆشیاڵ میدیای لەسەرە، زمان لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵی کارا و بەرچاوی هەیە، بە هەردووۆری (زمانی ئاخاوتن- زمانی جەستە)

ئەم توێژینەوەیە یەکەم هەوڵە لە زمانی کوردیدا بۆ دەرخستنی ڕۆڵی هێما و ئاماژە زمانی و نازمانییەکان، لە کردەی پرۆتۆکۆل و ئەتەکێتی پەیوەندیگرتندا، کاریگەری ئەم ڕۆڵە لە کردەی ڕازیکردنی بەرامبەر.

توێژینەوەکە سەرەرای پوختە و پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم باسکردنە لە ناساندنی پرۆتۆکۆل و ئەتەکێت و دەستنیشانکردنی پەیوەندی زانستی زمان بە پرۆتۆکۆل و پەیوەندی، لە تەوەرەی دووەمدا کردەی دانوستان باسکراوە کە خۆی دەبینێتەوە لە (پەیوەندیگرتن و تێگەیشتن و ڕازیکردن)، لەگەڵ باسکردنی ڕێگەکانی ڕازیکردن.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە لە دوو تەوەر پێکهاتووە کە تەوەرەی

یەکەم باسکردنە لە (پرۆتۆکۆلی زمانی) تیایدا توانای قسەکردن و شێوازی قسەکردن و جۆری وشە و ڕستەکان و کاریگەریەکانی ڕونکراوەتەوە، لەگەڵ ئاماژە زمانییەکانی لە جۆری دەنگ و ئاواز و هێز و وەستان و تیمپۆ.
تەوەرەی دووەم باسکردنە لە (پرۆتۆکۆلی نازمانی) کە خۆی لە (زمانی جەستە)دا دەبینێتەوە، لە جۆری جلوبەرگ و ئاماژەکانی سڵاوکردن و تەوقەکردن و مەودای دوری نێوان کەسەکان و دانیشتن و شێوازەکانی.

## پێشەکی:

### ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (ڕۆڵی پرۆتۆکۆلی زمانی و نازمانی لە ڕازیکردن)، پەیوەندی بە بابەتی پراگماتیکییەوە هەیەولە سنوری زمانەوانی ڕامیاریدایە.

### سنور و ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە ئاستی پراگماتیک و لە سنوری زمانەوانی ڕامیاریدا نووسراوە، پەیڕەوی ڕێبازی (وەسفی شیکاری) کراوە، بە کەرەستەی زمانی کوردی زاری ناوەڕاست، سنوری بابەتی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی ئەو کەرەستە زمانی و نازمانیانەیە کە لە پرۆتۆکۆلی میوانداریی نێوان دەوڵەتان و ئاستی باڵای سەرۆکایەتی وڵاتاندا بەکاردەهێنرێت، بەتایبەتی لە ئاستی هەرێمی کوردستاندا، لەخۆدەگرێت.

### هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

لەبەر نەبوونی توێژینەوەیەکی زمانەوانی ئەوتۆ لەم بارەیەوە لە زانکۆکانی کوردستاندا، کە شایانی باس بێت و گرنگیی و بایەخی باسەکە لە زماندا و دەرخستنی کاریگەرییەکانی زمانی ئاخاوتن و زمانی جەستە لە ڕێسا پرۆتۆکۆلیەکاندا، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە و ببێتە سەرچاوەیەکی زانستی و بەرایی و سەرچاوەیەکی ئەکادیمی پوخت لە بەردەستی توێژەرانی زمان و شارەزایانی ئەم بوارەدا، وابەستەکردنی ئەم بابەتە بە لایەنی

ڕازیکردنەوە گرنگیی خۆی هەیە، بێگومان بەشی پرۆتۆکۆل لە هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستاندا دەتوانن سودی لێوەربگرن.

**کێشەی توێژینەوە:**

نوێیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی نیمچە سەربەخۆ، بووەتە هۆی قاڵنەبوونەوەی دەزگا و دامەزراوە کوردییەکان لە بنەماکانی پرۆتۆکۆل و پیادەکردنی یاسا و ڕێساکانی ئەم بابەتەدا، ئەمەش بووەتە هۆی نەبوونی سەرچاوەی پوخت و پێویست لەم بارەیەوە، ئەمەش گرفتێکی بۆ توێژەر هێنایە ئارا، بەڕادەیەک تەنیا چوار کتێب لە زمانی کوردیدا لەسەر ئەم باسە نوسراونەتەوە، ئەوانیش بە لابەلایی هەندێک زانیارییان خستووەتەڕوو، کە وەکو پێویست نەتوانرا سودیان لێ وەربگیرێت، تەنانەت بەشی پرۆتۆکۆلی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان تا ئێستا یاسایەکی فەرمیان بۆ کارەکانیان نییە کە لە لایەن پەرلەمان بڕیاری لەسەر درابێت، بۆیە لە توێژینەوەکەماندا جگە لەو چەند سەرچاوە کوردییە، پشتمان بە سەرچاوەی عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی بەستووە کە پەیداکردنی کتێبەکان و وەرگێڕانیش گرفتی بۆ دروستدەکردین.

## 1پرۆتۆکۆل

### 1-1ناساندنی پرۆتۆکۆل:

کۆی ئەو ڕێسا هونەری و تەکنیکی و ڕێکخستن و نەخشە ڕێگای بەڕێوەچوونی بۆنەکان و ڕێوڕەسمەکانە کە بە ئادابی دابونەریت و ڕێزگرتن دامەزراون، دەبێت لە کۆبوونەوە و پێشوازییە فەرمییەکان و ڕێوڕەسمە یاسایە گشتییەکاندا بۆ دیپلۆماتکاران ڕێزیان لێبگیرێت. پرۆتۆکۆل بریتیە لە کۆمەڵێک ڕێچکە و یاسای ڕەوشتی لە کاتی ڕێککەوتنەکان و بۆنە دیپلۆماسیەکاندا نمایشدەکرێت، بۆ نزیکبوونەوەی زیاتری دوو وڵات لە یەکتر، ئەم ڕێوشوێنانە بە گوێرەی کەلتور و یاسای نێودەوڵەتی جێبەجێدەکرێن (الزینی، 1990، صفحة 37)، کەواتە؛ پرۆتۆکۆل: ڕێکارێکی دیپلۆماسی و کاروباری دەوڵەتە، زۆر جار پرۆتۆکۆلەکان ڕێنمایی نەنووسراون، لە شێوەی زمانی جەستەدا، ڕەفتاری دروست و پەسەندکراوی گشتی، لە بابەتی دەوڵەت و دیپلۆماسیدا دیاردەکەن، وەک: (ڕێزگرتنی گونجاو بۆ سەرۆکێکی دەوڵەت،

ڕیزبەندیکردنی دیپلۆماتکارەکان بە پێی ڕێزبەندیی مێژویی باوەڕپێکردنیان لە دادگا، یان بە شێوەیەکی باو وەک کۆمەڵێک یاسای نێودەوڵەتیی ڕێزگرتن وەسف دەکرێت)..

## 2-1 ئەتەکێت:

پرۆتۆکۆل و ئەتەکێت دووانەیەکی گرێدراون بەیەکەوە، ئەتەکێت: کۆمەڵێک پەیرەوە لە هەڵسوکەوت، کۆمەڵێک ئاکار و ڕەفتاری سەردەمیانەیە، شێوازێکە بۆ پیشاندانی لایەنی بەهێزی کەسایەتیی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەندێك ئەتەکێت هەن ئەوسا و ئێستای بۆ نییە و کۆن نابن و ناگۆڕێن، وەک: (قسەی خۆش و ڕێز)، هەندێکی تریش هەن دەگۆڕێن، وەک: (شێوازی پرچ و جلوبەرگ)، سڵاو و چاکوچۆنی و خاتروخۆتر و گەورەی وبچوکی و میوانداری و شین وشایی، گوێزەبانەی لەدایکبوون وزۆر بۆنە و یادی دیکە، بەگشتی هەر ئەتەکێتە، شار و شارستانی بەبێ ئەتەکێت بەڕێوەناچێت، ئەتەکێت هەیە تایبەتە بە بنەماڵەیەک، یا هۆزێک، گەلێک، ئەتەکێتی نیشتمانی و فەرمی و دەوڵەتی و نێودەوڵەتی و دیپلۆماتیش هەیە، ئەتەکێتی دەوڵەتی وەک: (ئاڵا، سرودی نیشتمانی، ڕۆژی نیشتمانی، جەژن و نەهامەتی و کۆسکەوتن و پرسەی نیشتمانی و فەرمی، ڕێوڕەسمی پێشکەشکردن و وەرگیرانی بڕوانامەی باڵیۆزان، پێوەری هەڵبژاردن و شاندی دیپلۆمات، شێوە و شێوازی میوانداریکردنی دیپلۆماتیک، ڕێز و ڕیزی سەرانی دەوڵەت) (سوڵتان، 2022، صفحة 30)، ئەتەکێتی دیپلۆماتیکی نێودەوڵەتیش وەک، (ڕیزبەندی دیپلۆماتان، واتە کێ لە پێشەوە بڕوات و کێ لەلای سەرەوە دابنیشێت، پۆلێنبەندی نوێنەرایەتییە دیپلۆماتیکەکان، پارێزبەندی دیپلۆماتیک، دابونەریتی میوانداریکردنی میوانی پایەبەرز، کاروباری کونسوڵخانەکان) ، زۆر بابەتی تر کە لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا باسکراون و وڵاتان لە سەری ڕێککەوتوون، پەیام (7٪)ی لە ڕێی وشە و زمانەوە دەگوازرێتەوە، (38٪)ی بە هۆی ئاواز و کێش و هەوای دەنگەوە دەگات، (55٪)ی زمانی جەستە دەیگەیەنێت، ئەتەکێت (1٪)ی بابەتەکەیە، کە کاریگەرییی لەسەر (99٪)ی کردە و چالاکییەکانمان دەبێت، ئەولەسەدا یەکەیە بڕیاردەدات کەسەکە سەرکەوتوو دەردەکەوێت یان نا، واتە؛ هەندێك هەڵسوکەوت و ڕەفتاری نەنووسراوە، کە مرۆڤەکان بە ئامانجی دڵخۆشکردن و ڕازیکردنی بەرامبەر بەکاریدەهێنن. (العادة، 1974،

صفحة 18)، لە زماندا پرۆتۆکۆل بە واتای ڕێنمایی ورەفتاری ڕێسادار، وشەی ئەتەکێت بە واتای نەریتی دانسقە و ڕەچاوکردنی هەستی ئەوانیتر، دێت.

## 3-1 کورتەیەکی مێژوی پرۆتۆکۆل:

وشەی پرۆتۆکۆل لە وشەی (پرۆتۆکۆلان(protokolon -πρωτόκολλον-)ی گریکییەوە هاتووە، واتەی (لەزگە) دەگەیەنێت، (لەسەر بەرگی نامە دەدرا، وەک مۆرێک –ختم- تا بزانرێت ئەم نامەیە نەکراوەتەوە و مۆرکراوە کە نیشاندانی کردەوەیەکی جوانە لە بەرێوەبردن، گەیاندنی پەیامێکە بێ ئەوەی بە زار بگوترێت نامەکە نەکراوەتەوە، (سوڵتان، 2022، صفحة 32)، ساڵی (1961ز) لە شاری ڤییەنای پایتەختی نەمسا (8) دەوڵەتی زلهێزی ئەوکاتەی ئەوروپا کۆبوونەوە، ڕێککەوتننامەی (ئەتەکێتی دیپلۆماتیک و پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان)یان واژۆ کرد، پاشان وڵاتانی دیکەش وردەوردە پەسەندیانکرد.

## 4-1 پێناسەی چەمکەکان:

**پرۆتۆکۆل:** ئەو ڕێککار و ئامادەکاریانەیە کە لە کاروباری دیپلۆماسیدا پەیرەو دەکرێن.

**پرۆتۆکۆلی زمانی:** بریتیە: لە کۆی ئەو نەریت و ڕێککارە زمانییانەی لە کردەی پەیوەندیگرتندا، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیارکراو لەلای گوێگر بەکاردێن.

**پرۆتۆکۆلی نازمانی:** بریتیە لە گەیاندنی زانیارییەک، یان پەیامێک لە لایەن مرۆڤەوە لە ڕێی هێما و بزواندنی ئەندامەکانی لەشەوە، یا هۆکارگەلێکی بەرجەستە و دەرجەستەوە (شێوازی ڕێورەسمی هاتن و چون و جلوبەرگ و نانخواردن و ڕێکردن و ئۆتۆمبێل و دیکۆر)..

**ڕازیکردن:** هەوڵدانە بۆ کاریگەریی خستنە سەر دەرونی بەرانبەر، بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ڕەفتاری، بەو ئاراستەیەی قسەکەر ئارەزوی دەکات.

## 5-1 زمان و ڕامیاری:Language and Politics

زمان و ڕامیاری پەیوەندییەکی بەهێزیان بەیەکەوە هەیە، هەر لە سەردەمی ئەرستۆ کە باسی سیاسەتی ڕازیکردنی کردووە، گفتوگۆ لەم بارەیە هەبووە، لە ساڵی (1956) بواری پەیوەندیگرتن و ڕامیاری وەکو لقێکی سەربەخۆ لە زانستی ڕامیاریدا پەیدابووە، لە کتێبی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەفتاری ڕامیاریدا ئاماژەی پێدراوە (سعيد، 2003، صفحة 211). ڕازیکردنی ڕامیاری بە ڕێگای زمانی بەڕێوەدەچێت، هەمو کاروبارێکی ڕامیاری پشت بە زمان دەبەستێت، وەک: (گوتاری ڕامیاری، دیدار، کۆنگرە، کۆبوونەوە، بڕیارەکانی پەرلەمان و زۆریتر)، (پاول کورکورانی) دەڵێت: (هەموو ڕامیاری بریتیە لە زمان، بەڵام هەموو زمان بریتی نییە لە ڕامیاری) (سعيد، 2003، صفحة 212). زمان کۆنترۆلی ڕەهای گەیاندن و زانیاری و ڕامیاری و ڕازیکردنی ڕامیاری دەکات، چونکە قسەکەر بە ڕێگەی زمان ئامانج و مەرامەکانی خۆی بەدەستدەهێنێت، بەتایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکان، یان کۆنگرە و کۆبوونەوە باڵاکانی سەرۆکی وڵاتان و شاندە گەورەکانی وڵاتان، لەم کاتەدا قسەکەر زمانێکی کاریگەر بەکاردەهێنێت تا سەرنجی ئامادەبووان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، ناخی ئامادەبووان بۆ پەیامەکەی ئامادەبکات.

### 6-1 پەیوەندیی پرۆتۆکۆل بە زمانەوانییەوە:

زمان لە ڕامیاریدا هەژموونە، بۆ ئەوەی لەم دەسەڵاتەش تێبگەین، دەبێت لە ڕێزمانی ئەو زمانە بگەین کە دەسەڵاتداران قسەی پێدەکەن، لێرەدا مەبەست لە ڕێزمان لایەنە ڕەوشتیەکانی زمانی ڕامیارییە، لەسەرێکی ترەوە مەبەست لێی ئەو دەربڕینە تاکلایەنەیە کە تاک بۆ قسەکردن دەیخاتە گەڕ و ستایلی تایبەتیی خۆیەتی، زمان ئەو ڕووبەرەیە کە ڕامیاریکار و دیپلۆماتکاران تیایدا بە خەڵک و یەکتردەگەن، لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە تیشکبخەینە سەر ڕۆڵی زمان لە پرۆتۆکۆڵی سەرۆکایەتیدا، ئەو کاریگەرییانەی زمان دروستیدەکات لەم بوارە و ئەو ڕۆڵەی زمان لەم مەیدانەدا دەیگێڕێت دەخەینەڕوو، پرۆتۆکۆل بنەمایەکی گرنگیی لە مێژینە و ئێستایە، بۆ چۆنیەتیی هەڵسوکەوت و پێشوازی و ماڵاوایی شاندی وڵاتان و ئەو نوێنەرانەی لە بواری دیپلۆماسیی نێودەوڵەتیدا کاردەکەن، پرۆتۆکۆل کە باس لەچۆنیەتیی هەڵسوکەوت و پێشوازی لە دیپلۆماتکاران و سەرۆکی وڵاتان و ڕێکخستنی بۆنە نیشتمانی و ئاهەنگە گەورە و باڵاکان و بۆنە تایبەتەکان دەکات، بە شێوەی یاسا و ڕێساگەلێکی ڕێکوپێک و دیار و نوسراو دیاردەکرێت، لە هەر بۆنەیەک پێویستیی بە پیادەکردن هەیە، تاکو بە شێوازێکی پرۆتۆکۆلی بەڕێوەبچێت. بە درێژایی ڕۆژگار و ئەزمونکاریی بەردەوام دیاردەی کەڵەکەبوونی زانیارییەکان سەرجەم زانستەکانی هێندە فراوانکرد کە هێڵی سنورەکانیان بتەقێت و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاڵبێتەوە، زمانەوانی وەک هەر زانستێکی تر لەم دیاردەیە بەدەر نییە. بە هۆی پەیوەستیی زمان بە گواستنەوەی سەرجەم زانیاری و داتاکانی کلتور و شارستانیەت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، بایەخی زۆر بە توێژینەوە زمانەوانییەکان درا و مەیدانی زمانەوانی هێندە فراوان بوو کە چەندین ڕوبەری جیاجیا بگرێتەوە، بەجۆرێک زمانەوانیی گشتی دابەشی چەندین ئاست و لقی جیاواز بکرێت، ئەم هێڵکارییە هەندێك لە بوارەکانی زمانەوانی نیشاندەدا :




وێنەی ژمارە ( 1)هێڵکاری لقەکانی زمانەوانی گشتی (ڕەسول ع.، 2021، صفحة 17)

## 2.کردەی دانوستان:

دانوستان کردەیەکە، لە کۆمەڵێک چالاکی پێکدێت، کارلێک لەگەڵ یەکتردەکەن و هەریەکەیان کاریگەرییان لەسەر ئەویتر هەیە، گوزارشتە لە گفتوگۆی فەرمی نێوان لایەنی فەرمی دەوڵەتان و نوێنەرایەتییەکانیان، بە ئامانجی یەکخستنی ستراتیژیەتی هەردوولا لە پەیوەندییەکانیاندا، چالاکییەکان کردەی دانوستانی ڕامیاری دەگرێتەوە، ئێمە وا بیر دەکەینەوە: (پەیوەندیگرتن ، تێگەیشتن و ڕازیکردن) چالاکییە بنەڕەتیەکانن، لە کردەی دانوستانەکانی ڕامیاریدا، پێکهاتەی

سەرەکیی ئەو کردەیەن. لەم تەوەرەیەدا چەمکی (پەیوەندیی و تێگەیشتن و ڕازیکردن) ڕوندەکرێنەوە، ڕونکردنەوەی ئەو چالاکیانەی کە ڕودەدەن، لەناو هەریەکێک لە کردەکانی پێشودا.

### 1-2 پەیوەندیگرتن:

پەیوەندییکردن بەواتای بەیەکەوە بەستنەوەی دو مێشک یان پتر، ئامراز یان پردی پەیوەندییی نێوان مێشکەکانیش زمانە بە هەمو جۆرەکانییەوە (ڕەسول ع.، 2022، صفحة 37)، پەیوەندیگرتن جەختکردنەوەیە لەسەر ڕەگەزەکانی (گوێزانەوە و کاریگەریی و کارلێککردن و زانیاری هاوبەش) لە ڕێگەی پێڕەوێک لە دەنگ و هێما و ئاماژە زمانی و نازمانییەکان، مۆسکۆڤسکی دەڵێت: (گەیاندن بریتیە لەو نامە زمانی و نازمانییانەی (وێنە=ئاماژانە)ی لە نێوان تاکو کۆمەڵەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێن و گەیاندنی زانیاری و کارتێکردنە لەوانی تر) (حجازي، 2019، صفحة 19) ، پەیوەندیگرتن لە بنچینەدا بریتیە لە پەیوەندییی نێوان شتەکان و گەیشتن بە مەبەست و ئامانجێکی دیارکراو، واتە گەیاندنی زانیاری و بیرۆکە و بیر و بۆچوون و هەڵوێستە دەروونییەکانی کەسێک یان کۆمەڵێکی دیارکراوە، بۆ کەسێک یان کۆمەڵێکی تر، لە ڕێگەی هێما جیاجیاکانەوە، ئەم کردەیە پێکدێت لە نێرەرێک کە پەیامەکان دەنێرێت، کەناڵی پەیوەندیی کە نوێنەرایەتیی ئەو ئامرازە دەکات کە پەیامەکە هەڵدەگرێت و دەیگوازێتەوە (وەک ئاماژە)، وەرگر کە پەیامەکان وەردەگرێت و لێیان تێدەگات و لێکیاندەداتەوە، جگە لە کاردانەوەی وەرگرەکە، .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی ژمارە (2) ئەرگیومێنتەکانی کردەی پەیوەندیگرتن نیشاندەدات

لە کردەی پەیوەندیگرتندا نێرەر هەوڵدەدات، ئەرگیومێنتەکانی پەیامەکە هەڵبژێرێت، بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە وەرگر، بە بەکارهێنانی کەناڵە زارەکی و نازارەکییەکان (بۆ نمونە زمانی جەستە) بۆ ئەوەی کردەی پەیوەندیگرتن بە سەرکەوتویی تەواوبکات، پەیوەندیگرتن سێ ئاستی هەیە (ئاستی کەسی، ئاستی کۆمەڵگەیی، ئاستی جەماوەری)

## 1-1-2 پەیوەندیگرتنی زارەکی لە پرۆتۆکۆلی زمانیدا Verbal Communication protocol:

لە ڕێگەی بەکارهێنانی دانە زمانییەکانەوە ڕودەدات، لێرەدا بۆ گەیاندنی پەیام وشەی گۆکراو، ئاماژەی دەنگی بەکاردێت، کە لە ڕێگەی کردەی گوتن و بیستنی دەنگە گوتراوەکان (کە هەریەکەیان هەڵگری واتەیەکی دیارکراون)ئەنجامدەدرێت، بە گەیشتنیان بە وەرگر کاریگەریی دروستدەکەن و دەبنە هۆی کاردانەوە، لە ڕێگەی بیستن و بینینەوە دەگەن بە مێشکی وەرگر.

## 2-1-2 پەیوەندیگرتنی نازارەکی لە پرۆتۆکۆلی نازمانیدا Nonverbal communication in nonlinguistic protocol

بریتیە لەو پەیامانەی (بەدەر لە زمانی ئاخاوتەیی) تێگەیەک (چەمکێک) بە بەرامبەر دەبەخشن. (ئەو ئادگار و ڕەفتارانەی –جگە لە قسەکردن- کە لە کۆمەڵدا واتەی جیاوازیان

هەیە، جا ئەو ڕەفتارانە بە مەبست و ئاگایی بنێردرێن یا بە مەبەست و ئاگایی لێکبدرێنەوە) (اصبع، 1999، صفحة 32)، هەموو ئەو کردانەی لێکگەیشتن دەگرێتەوە کە ناکرێت بە نووسین یا بە قسەکردن دەربڕێن یا بارودۆخ بۆ دەربڕینیان بە نووسین و قسەکردن لەبارنییە، گوێگر لەم جۆرە پەیوەندیگرتنەدا بەزۆری پشت بە هەستی بینین و شیکردنەوەی بە یاسا جەستەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان دەبەستێت. ئەم شێوەی پەیوەندیگرتنە لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی دی دەگۆڕێت (ڕانداڵ هاریسۆن Randall Harrison) -چەند جۆرێکی لێ جیاکردەوە:

**1/ کۆدە دەربڕاوەکان:** هێما ناگوتەییەکان دەگرێتەوە کە تایبەتن بە دەربڕینەکانی جەستە و ئاوازە و جۆری دەنگ لە ڕوی بەرزی و نزمی، پێکەنین و گریان کە (Simith & Eisenberg) بۆ سێ جۆریان دابەشکردووە:

أ- نازمانی: ئەو پێکهاتە دەنگیانە دەگرێتەوە کە ناچنە ناو چوارچێوەی فۆنیمەکان.
ب- زمانی جەستە.
ت- مەودا و شوێنی جەستەی پەیوەندییکەران لە ڕوی دوری و نزیکییان لە یەکترەوە. (کاسر, 2006، صفحة 132)

**2/ کۆدە دروستکراوەکان:** ئەو کەلوپەل و جلوبەرگە دروستکراوانە دەگرێتەوە کە هەڵگری واتان، وەک؛ کردنە ملی خاچ لە لایەن کەسێکەوە واتەی ئەوەیە ئەو کەسە باوەڕی بە ئاینی مەسیحی هەیە، (کاسر، 2006، صفحة 112) ئەمەش یارمەتیی قسەکەر دەدات ئامادەیی خۆی وەرگرێت لە پەیوەندیگرتن لەگەڵیدا، یا نیشانەی سەربازی و پۆلیسی و جۆری ئۆتۆمبێل و فەرشی سور و ئەو کەلوپەلانەی لە ڕێورەسمی پرۆتۆکۆلی نێوان دەوڵەتاندا بەکاردەهێنرێن.

**3/ کۆدەکانی ڕاگەیاندن:** تایبەتن بە پەیوەندیگرتنی جەماوەری، وەک بەکارهێنانی وێنە و ڕەنگ و مۆسیقای تایبەت (کاسر، 2006، صفحة 116) لە شێوەی تیپی مۆسیقای مارشی سەربازی لە کاتی سەردانیکردنی سەرۆکی وڵاتێک وەک بەشێک لە ڕێورەسمی پرۆتۆکۆلی کە واتای تایبەت بە خۆی دەگەیەنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**4/ کۆدەکانی بارودۆخ:** بارودۆخی پەیوەندییکردن وەک شوێن، کات ...هتد، چۆنیەتیی پەیوەندییکردن ڕوندەکەنەوە، وەک چاوەڕوانیکردنی کەسێک بۆ ماوەیەکی زۆر (کاسر، 2006، صفحة 119) (بۆ نمونە سەرۆکی وڵاتێک بۆ ماوەیەکی زۆر کە زیاتر بێت لە دو خولەک لە چاوەڕوانی سەرۆکێکی تردا بمێنێتەوە، بە پێی پەیڕەوی پرۆتۆکۆلی بە کارێکی شەرمەزارکەر هەژماردەکرێت) یا ڕووەرگێران و پشتتێکردنی لە کەسێک کە لە تەنیشتتەوەیە.

## 2-2 تێگەیشتن:comprehension

خاڵی سەرەکیی ڕازیکردنی بەرانبەرە، تێگەیشتن بریتیە لە کردەی وەرگرتن و ڕێکخستن و هەڵبژاردنی پرۆتۆکۆلە زمانی و نازمانییەکان، وەرگێڕانیان بۆ زانیاری بە ئامانجی بەدەستهێنانی مەبەستی خوازراو، ئەم کردەیە بە وەرگرتنی وروژێنەرەکان لە ڕێگەی هەستەکانەوە ڕودەدات، دواتر ڕێکخستنیان بە ئامانجی تێگەیشتن لە کەتوار(واقع)، هەر کە وەرگر بەرکەوتەی لەگەڵ وروژێنەرەکەدا هەبوو (وشەیەک، وێنەیەک، یان جوڵەی چاوێک)، برێکی دیارکراو لە وزەی دەروونی خۆی بۆ ئەم هاندەرە تەرخاندەکات، کە برێک سەرنجی پێدەبەخشێت، هەر کە زانیارییەکان گەیشتە یادەوەری، دەستبەجێی وەرگر چالاکییەکانی لێکدانەوە دەستپێدەکەن، (کاسر، 2006، صفحة 129) ئەم یادەوەرییە ڕۆڵێکی گرنگیی لە ئاشکراکردنی واتاوهاو واتاکان هەیە، تا وشەکان بە وێنەکان ببەستنەوە، ئینجا پۆلێنکردن و بڕیاردان لەسەر ناوەڕۆک، وەک چۆن هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات، لە ڕێگەی ڕستەی وەرگیراو، جوڵەی چاو، دەربڕینی دەموچاو و ئاماژەی دەست، یان حەزی لێیە و ستایشی دەکات، یان فەرامۆشکردن و پەرچەکرداری دەبێت، (ئاماژەیە بۆ ناکۆکی لەگەڵیدا).




وێنەی ژمارە (3) ڕێکاری تێگەیشتن لە قۆناغە جیاوازەکان نیشاندەدات

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3-2 ڕازیکردن: persuade**

کردەی گۆڕین و گونجاندنی بۆچوونی کەسانی دیکەیە بۆ بۆچوونێکی ئامانجدار (برغوث، 2005 ، صفحة 60)، کردەی پەیوەندیگرتن کارا نابێت، ئەگەر لای گوێگر کاریگەریی و کاردانەوە بەدینەکرێت، ئەم کاریگەریی و کاردانەوەیەش لە کردەی ڕازیکردن (الاقناع)دا خۆی دەبینێتەوە، زانایانی بواری پەیوەندیگرتن چوار ڕێگەیان بۆ ڕازیکردن داناوە کە ئەمانەن:

**ڕازیکردن لە ڕیگەی هۆشەوەPersuasion through by reason ؛**

(وڵبرت و ڕۆئیل) دەڵێت: (ڕازیکردن بریتیە لە بەکارهێنانی ستراتیژیي هێمايي، بۆ دەستەمۆکردنی هۆش و ژیری گوێگر) (الحديدي و علي، 2006، صفحة 68)، لە ڕێگەی بەڵگە و یاسای ڕاستەقینە و یاسای سروشتی ژیان و ئامار کە قسەکەر بەکاریدێنێت بۆ سەلماندنی بیرۆکەکانی بۆ گوێگر.

**ڕازیکردن لە ڕێگەی سۆزەوە:(persuasion by emotion) :**

سۆز؛ وروژێنەری زۆرێک لە مەبەست و هەڵوێستەکانی مرۆڤە، ڕێژەکەی لە هەر مرۆڤێک دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەز و تەمەن و باری ژیانی و بیروڕای کەسەکە، لە (ڕازیکردن لە ڕێگەی سۆزەوە) قسەکەر هەوڵدەدات، دەستبگرێت بە سەر کەناڵەکانی سۆز لە گوێگر، وەک (خۆشەویستی و بەزەیی، ڕک و کینە و تورەیی)، بۆیە پێویستە بەو خاڵە دەستپێبکرێت کە سۆزی گوێگر لێیەوە نزیکە و سەرچاوەدەگرێت، وەک: ئاین، نەریت، هەستی نەتەوایەتی.

**ڕازیکردن لە ڕێگەی ترسەوە:Persuasion through fear**

ڕازیکردن بە ترس، لە سەر بنەمای ئازاردان و تۆقاندن و هەڕەشە و گرتن و کوشتن، یان پێشینی ڕودان و بەسەرهێنانی مەرگەساتەکان بنەمادەگرن.

**ڕازیکردن لە ڕێگەی دوبارەکردنەوە:Persuasion through repetition**

مەبەست لە دوبارەکردنەوەی پەیامە لەلایەن قسەکەر کە زیاتر لە بواری پەروەردە و بانگەشە کارا دەبێت، (دوبارەکردنەوەی پەیام لەلایەن قسەکەر یەک لەدوای یەک جۆرێک لە باوەڕ لە ناخی گوێگر دروست دەکات) (الوردي، 2005، صفحة 128) ، دەبێتە هۆی وروژاندنی هۆش و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سۆز، بەمەش کردەی ڕازیکردن ڕوودەدات، بەڵام ڕازیکردن لەم چوار جۆرە بەدیناییێت ئەگەر لە پەیامێکی وروژێنەر و شێوازێکی کاریگەردا دانەڕێژرابێت، بێگومان ئەم ڕێکخستنەش لە چۆنیەتیی ڕێزکردنی ڕستەکان و جوڵەی جەستە و دەنگ و ئاوازە و مەودای نێوان قسەکەر و گوێگر خۆی دەبینێتەوە.

## 3.پرۆتۆکۆلی زمانی:

### 1.3 بەرهەمی قسەکردن و تێگەیشتن لە قسە:

مرۆڤ بەردەوام لە ژیانی ڕۆژانەیدا لە کاتی دەربڕینی گوتە و قسەکانیدا چەندان ماسولکە لە دەم، ڕوخسار، قورگ، سیەکان و سکی دەکەونە بزاوتن، (دەگونجێت قسەکەر جوڵەی ئەندامەکانی وەک: چاو، ڕو، دەستەکان و سەر ئاڕاستەی بەرانبەر بکات، بەشێوەیەک بێت، لێوەکانی هەم دەنگ دەربڕێت و هەم بزەش بکات) (خورشید، 2010، صفحة 37)، قسەکردن یەکێکە لەو چالاکییانەی لە پاڵ هەناسەدان و بێژەی گوتەیی و پەیڕەوەکانی دەربڕیندا پێڕەو دەکرێت، بەرهەمی قسەکردن، دەربڕینی قسەی ڕونە، لە چوارچێوەی چەند کۆدێکی زمانی، کە دەتوانێت سەربەخۆ بێت، دوای کردەی قسەکردن و گواستنەوە و گەیاندنی ئەم بەرهەمە لە ڕێگەی شەپۆلی دەنگ و وەرگرتنی لەلایەن گوێگرەوە، کردەی تێگەیشتنی قسە دەستپێدەکات، (پێکهاتەی ڕستەکان بەشێوەیەکی فیزیکی لە تەوژمی دەنگەکان پێکهاتوون (Akmajian, 1984, p. 39)، کەواتە؛ تێگەیشتنی قسە، کردەی تێگەیشتنە لە زنجیرەی فۆنەتیکی جیاواز و یەکە زمانییە دەربڕاوەکانی قسەکەر لەلایەن گوێگرەوە).

### 1-1-3 توانای قسەکردن:Ability to speak

زمان هەڵسوکەوتێکی کۆمەڵایەتییە، موڵکی کۆمەڵە، بەڵام قسەکردن موڵکی تاکە، قسەکردن زیاتر پراگماتیکە لەوەی ڕێزمان بێت، چونکە قسەکەر لە کاتی دەربڕیندا، بە هۆی پرۆتۆکۆلە زمانییەکانەوە پێکهاتەی بابەتێک پێشدەخات، کە زیاتر مەبەستێتی، لە باری قسەکردندا چەند کردەیەک ڕوودەدات، وەک: قسەپێبڕین، پشو وەرگرتن، وەستان، بەرزی و نزمی دەنگ، نارێکی و پچرپچری دەربڕین، ئەم کردارانەش پەیوەستن بە جۆری بابەت و کات و شوێن و مەبەستی قسەکردن و باری دەرونی قسەکەر، بۆ نمونە لە بۆنەیەکی پرۆتۆکۆلیدا، کاتێک قسەکەر (باڵیۆز

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بێت یا سەرۆک یا وەزیری دەرەوە) لە بارێکی دەرونی ئاڵۆزدابێت، ئەوا نارێکی لە قسە و دەربڕین بەدیدەکرێت، بەو شیوازە پرۆتۆکۆلییە قسە ناکات کە بۆیدیاریکراوە.

### 2-1-3شێوازی قسەکردن:the manner of speech

پێویستیەکی ناچارییە، لە پرۆتۆکۆل و کردەی ڕازیکردندا بایەخێکی زۆر بە شێوازی قسەکردنمان بدەین، بە گوێرەی ئەتەکێتە دیارەکان و پرۆتۆکۆلە باوەکان قسە بکەین، هەر مرۆڤێک خاوەنی شێوازێکی تایبەتی قسەکردنی خۆیەتی، بەڵام لە پرۆتۆکۆل و کردەی ڕازیکردندا، پێویستە بەو جۆرە بدوێت کە کەسی بەرانبەر هەست بە ئارامی دەروونی بکات، لە ڕوی نەرمونیانی و ڕێزگرتنەوە، چونکە لە پرۆتۆکۆلدا (ڕێزگرتن) پایەیەکی گرینگی ڕازیکردنە و هۆکارێکە بۆ بەخشینی ئارامی و متمانە بە دەرونی بەرانبەر.

### 2-3جۆری وشەکان و ڕۆڵیان لە ڕازیکردنی بەرانبەر لە پرۆتۆکۆلدا:

ئەوەی لێرەدا دەویسترێت ئاماژەی پێبدرێت، گرینگی وشەیە لە پرۆتۆکۆلی زمانیدا، لە کردە پرۆتۆکۆلییەکاندا، بەو پێیەی وشە ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت لە بنیادنان و داڕشتنی شێوازی ئەو پرۆتۆکۆلە زمانییانەی لە کردەی پەیوەندیگرتن و ڕازیکردندا ئاڕاستە دەکرێن، چونکە تا وشەکان وروژێنەرتر بن، هەست و سۆز زیاتر دەجولێنن و ئیرادەی بەرانبەر لاوازتر دەکەن، واتەی وشە لەسەر چوار بنەما بەندە:

**مەبەست:** بەکارهێنانی هەر وشەیەک مەبەستێکی تێدایە.
**نرخ:** هەمو وشەیەک نرخێکی هەیە، لە پرۆتۆکۆلی زمانیدا، دەبێت ئەو وشانە بۆ بەکارهێنان هەڵبژێردرێن کە نرخێکی زیاتری هەیە لە وشەکانی تر لە لای بەرانبەر.
**بیر:** بریتیە لە وێنە هۆشەکیەکەی لە ناو مێشکدایە و نەگۆڕە.

**کاریگەری:** هەر وشەیەک ڕێژەیەک لە کاریگەری لەسەر دەرون و مێشکی گوێگر هەیە.
وشەکان بە گوێرەی کاریگەریان لە سەر لایەنی بەرانبەر دابەشی سێ جۆر دەکرێن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**وشەی ئەرێنی/ پۆزەتیف:** لە کاتی گوێڕادێراندا کاریگەریی ئەرێنی لە مێشک و دەروونی گوێگر دروستدەکەن، بارگاویکراون بە هەستی ئاسودەبوون، لە پرۆتۆکۆلی ئاخاوتنی نێوان کەسە باڵاکانی وڵات، پشت بەم جۆرە وشانە دەبەسترێت، تا دیدارەکان بە ئاسودەی و بێ گرێوگۆڵ بە ئەنجامی چاوەڕوانکراو بگەن.

**وشەی نەرێنی/ نێگەتیف:** دەربڕینیان دەبێتە هۆی وروژاندنی لایەنی دەروونی و شڵەژانی بەرانبەر و کاریگەریی نەرێنی دروستدەکەن، وشەی بارگاوین و لە شەڕی دەروونی بەکاردەهێنرێن.

**وشەی بێ لایەن:** دەربڕینیان هیچ کاریگەریەک دروست ناکات لە مێشک و دەروون و گوێگر ناوروژێت، بارگاوینەکراون، دەربڕینیان گوزارشتکردن نییە لە واتایەکی شاراوە.

### 3-3 جۆری ڕستەکان و ڕۆڵیان لە پرۆتۆکۆلی زمانیدا:

قسەکەر پێوستە لەکاتی گەیاندنی بیرۆکەکانی بە مێشک و دەروونی گوێگر، تا بکرێت ڕستە و دەستەواژەکانی ڕون و بێ گرێوگۆڵ و بەهێزبن، سەرنجی گوێگر بە لای خۆیدا ڕاکێشێت، ناڕێکی لە ڕستە و دەستەواژەکان، مرۆڤ دوچاری شڵەژان و کێشە و سەرلێشێواوی دەکات، وەک پاش و پێشکردنی کار و ئاوەڵناوەکان و ناڕێکی دەربڕین لە زنجیرەی بەدوای یەکداهاتنی ڕێزمانی کە هێمایە بۆ ناڕێکی دەروونی قسەکەر، تا گوێگر بکەوێتە ژێر کاریگەری وتەکانەوە، قسەکەر بگات بە ئامانجی ڕازیکردنی گوێگر، یەکێک لە جۆری ئەو ڕستانە ڕستەی باسمەندە، کە بریتیە لە زەقکردنەوەی وشەیەک لەناو ڕستەیەک، یان تیشکخستنە سەر مەبەستێکی دیاریکراو لە ڕستەیەکدا، بەکارهێنانیەتی لە سەرەتای ڕستەدا، وەک:

- بڕیارەکەتان زیرەکانە بوو.
- زیرەکانە بوو بڕیارەکەتان.

لێرەدا ئەو وشەیەمان پێشخستوە کە بەلای گوێگرەوە گرینگترە، سەرنجی ڕادەکێشین.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3-4فۆنیمە ناکەرتییەکان:**

**3-4-1 ڕۆڵی دەنگ لە پرۆتۆکۆلی زمانیدا:**

دەنگ ئاوێنەی مرۆڤە، ڕەنگدەرەوەی ئەو هەستانەیە کە ناتوانرێت بە وشە و ڕستە دەرببڕدرێن، دەنگ پایەیەکە لە پایەکانی پەیوەندیگرتنی مرۆڤ، دەبێت بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بەکاربهێنرێت، تا کرداری پەیوەندیگرتنەکە لە لای بەرانبەر پەسەند بێت و بکەوێتە ناو چوارچێوەی ئەو نەخشە پرۆتۆکۆلیە زمانییانەوە کە ئێمە مەبەستمانە دەریانبخەین، (هەر ناتەواوی و ناهاوسەنگیەک لە دەنگ، دەبێتە هۆی وەستان، یان پەسەندنەکردنی کرداری پەیوەندیگرتن) (فارع، 2003، صفحة 248)، دەنگەکان لە زماندا وەسفی باری دەروونی کەسەکان دەکەن، بووە بە بەڵگە و نیشانەیەک بۆ پێناسەکردنی کەسایەتیی ئاخێوەرەکەی، دەنگ هەڵگری سیمای تایبەتی واتایە و لێی جیانابێتەوە، (هەر گۆڕانکارییەک لە بەرزی و نزمی پلەی دەنگ و خێرایی قسەکردن و دەستگرتن بەسەر چۆنیەتی دەربڕینی دەنگدا، هەمویان تایبەتێتی دەنگی پارازمانین(Para Linguistics) فەتاح م.، 2011، صفحة 25)، پلەی دەنگ زۆر شتمان لەبارەی تەمەن و ڕەگەز و نەخۆشی و باری دەروونی قسەکەر بۆ ڕوندەکاتەوە، بۆیە بەبێ بینین دەتوانین بڕیار لەسەر زۆر شت بدەین، بەتایبەت ئاوازەی دەربڕین کە هەڵچوونەکانی تێدا ڕەنگدەداتەوە، دیسان لە ڕێگەی دەنگەوە دەتوانین شوێنی نیشتەجێبون و گەورەبوونی کەسەکە بزانرێت، دەنگی بیابان نشینەکان جیاوازە، لە دەنگی شارنشینەکان، وەستانیش لە کاتی ئاخاوتندا، بۆ گوێگری دەردەخات، کەسی ئاخێوەر لەو شوێنەی لێی دەوەستێت، شوێنی نابەدڵی و بیرکردنەوەیە، وەستانی ئاسایی لە سێ شوێندایە (سەرەتای گوتن، نێوانی گرێکان، نێوانی وشەکان)، (وەستان لە نێوان گوتنێک و گوتنێکی تر(1.03)چرکەیە، لە شوێنەکانی تر(0.075)چرکەیە) (عبدة، 1977، صفحة 44)، لەوە زیاتر وەستانەکە جێی گومانە، بەهەمان شێوە، هێز خستنە سەر وشە لە کاتی دەربڕیندا، واتەی گرینگی و جەختکردنە سەر وشەکە دەدات، کەواتە؛ دەنگ لە پرۆتۆکۆلدا کاریگەرە و دەبێت بایەخی پێویستی پێبدرێت، سەرەڕای پلەی دەنگ و ئاوازە و شێوەی دەربڕین، دەنگەکانی گڕ و زیق و خاو و بەرز، لە پرۆتۆکۆلدا پەسەندنین ، کاریگەری لەسەر کەسایەتیی دروستدەکات و لە نرخیان کەمدەکاتەوە.

### 3-4-2 وەستان و ڕۆڵی لە پرۆتۆکۆلی زمانیدا:

واتە؛ (وەستانی ئەندامانی ئاخاوتن لە دروستکردنی دەنگ، قسەکردنیش واتە؛ جوڵەی ئەندامانی ئاخاوتن، قسەکردن دەنگە و وەستانیش بێدەنگییە) (حنون، 2003، صفحة 79)، وەستان دروستدەبێت لە نێوان دەنگەکان، وشەکان، گرێکان و ڕستەکان، وەستان فۆنیمێکی ناکەرتییە، واتە دەگۆڕێت، ئەو وەستانەی لە کۆتایی هەمو ڕستەیەک یان یەکەیەکی ڕێزمانییەوە دێت، بە وەستانی ڕێزمانی ناودەبردرێت، چونکە وەستانێکی سروشتیە و بە بەشێک لە پێکهاتەی گەیاندنی پەیامەکە دادەنرێت و لێی جیانابێتەوە، بەڵام وەستانی ناڕێزمانی، یان کورتن یان درێژ، بە پێی درێژی ڕستەکە، لە پرۆتۆکۆلدا گوێگر ئەم جۆرە وەستانە بە بەشێکی تەواوکەر لە گەیاندنی پەیامە زمانەوانییەکەی دادەنێت، (بە هۆیەوە دەتوانرێت شوێنی نابەدڵی و بیرکردنەوە بدۆزرێتەوە) (الحمداني، 1982، صفحة 236) لە تەدارەکی پرۆتۆکۆلیدا، وەستان ڕۆڵێکی گرینگی لە گەیاندنی مەبەستدا هەیە، لە دوای تەواوبوونی بەشێکی قسەوە دێت، قسەکەر دەتوانێت لەم ڕێگەیەوە پلان و نەخشەی بیرەکانی دواتر دابڕێژێت، شڵەژانی جەستەیی و دەروونی دروستبکات، گرینگترین هۆیە، لە ڕێگەیەوە قسە دابەشی چەند بەشێکی واتایی دەکرێت و بەشداریی لە دروستکردنی زنجیرەی ڕیتمیدا دەکات، دیاریکردنی کاتی وەستان بە گوێرەی پێویستی دەروونی قسەکەر دەگۆڕێت، هەرچەندە ئاخاوتنەکە ئاڵۆزبێت، وەستان درێژ تر دەبێت، بۆئەوەی گوێگر بخاتە ناو ئەو بارەی کە خۆی تێیدایە.

### 3-4-3 ئاوازە و ڕۆڵی لە پرۆتۆکۆلی زمانیدا:

ئاوازەی دەنگ یەکێکە لە فۆنیمە ناکەرتییەکان، بریتیە لە بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی چین یان پلەی دەنگ، ئەمەش پەیوەستە بە لەرینەوەی دەنگە ژێکان، کە بە هۆیانەوە ئاوازەی مۆسیقی دروستدەبێت (لیلی، 2010، صفحة 2)، مرۆڤ (38٪) زانیارییەکانی لە ڕێگەی ئاوازەی دەنگەوە دەگوازێتەوە، هەر ئەو دەنگ و ئاوازەشە گوێگر دەتوانێت لە ڕێگەیەوە مەبەستی بەرانبەرەکەی تێبگات، گرینگترین دیاردەی دەنگی (ئاوازە)یە، کە هەمو یەکە گۆکراوەکە دەگرێتەخۆی، ئەو تایبەتمەندییە دەنگییە سەراپایەیە، هەمو دەربڕینە گۆکراوەکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەپێچێتەوە و بە ناخی توخمە پێکهێنەرەکانیدا دەچێتە خوارەوە، هەمەڕەنگییێکی مۆسیقی دیاریکراویان بە پێی واتا و پێکهاتەیان و مەبەستی دەربڕینیان، بە هەماهەنگی لەگەڵ شوێن و ڕەوتی ئاخاوتنەکە پێدەبەخشێت، چەند جۆرێکی هەن، وەک؛ ئاوازەی وشە، ئاوازەی ڕستە، ئاستەکانیشی جیاوازن وەک؛ ئاوازەی بەرز و نزم و ئاسایی، قسەکەری هەر زمانێك دەتوانێت بە گۆڕینی ئاوازی ڕستەکەی چەمکی سەرسوڕمان و گاڵتەپێکردن و ڕەزایی و ناڕەزایی و هیتر دەرببڕێت، دەریخات مەبەستی کامە بەشی ڕستەکەیە.

### 4-4-3 هێز و ڕۆڵی لە پرۆتۆکۆلی زمانیدا:

هێز زیادە وزەیەکی دەنگییە لە پڕ دادەنرێت، لەسەر یەکێك لە برگەکانی وشە (ئەمین، 1994، صفحة 13)، وشە لە کۆمەڵە دەنگێک پێکهاتووە کە ئاماژە بۆ بوونی توخمێکی واتایی یان بەرجەستەیی ناو مێشکی مرۆڤ دەکات، ئەو دەنگانەی لە وشەکاندا لە تەک یەکتری ڕیزبوون، شێوازی جۆراوجۆریان هەیە، لە ڕوی لەرینەوەی تاڵە ژێیەکان، کپ و گڕیان هەیە، لە ڕوی ڕێژەی کرانەوەی دەم، بزوێن و نەبزوێنیان هەیە، لە هەر وشەیەکدا دەنگێکیان لە هەموویان بەرزتر گۆ دەکرێت، ئەویش ئەو دەنگەیە کە هێزی کەوتووەتە سەر، بە زۆریش دەنگە بزوێنەکان هێزیان دەکەوێتە سەر، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، هەندێك زمان هێزی نەگۆڕ و چەسپاویان هەیە، کەوتگەی هێز بەردەوام لەسەر یەک برگەیە، (وەک زمانی فەرەنسی بەردەوام هێز لە سەر دوا برگەی وشەیە، وشەکانی زمانی (چیکی) بەردەوام هێز لە سەر برگەی یەکەمە، لە (پۆڵەندی) هێز لە سەر برگەی پێش کۆتایە(Carr, 1999, p. 88) ، بە پێچەوانەوە، لە زمانەکانی (کوردی و ئینگلیزی و ئەڵمانی)دا، هێز ئارەزوی ئەوەی نییە، لە کاتی ڕێکدا دوبارە ببێتەوە، ئەمەش جیاوزی واتایی لە ئاخاوتنی ڕوبەڕو دروستدەکات، چەند جۆرێکی هەیە وەک؛ هێزی وشە، هێزی ڕستە، هێز ئەرکی جۆراوجۆری هەیە لە زماندا کە لە ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازیدا خۆی دەنوێنێت، کە هەر یەک لەمانە لە پرۆتۆکۆلی زمانیدا کاریگەرە.

### 5-4-3 ڕۆڵی تیمپۆ لە پرۆتۆکۆڵی زمانیدا:

تیمپۆ: بریتیە لەو خێرایەی قسەکەر لە کاتی قسەکردندا بەکاریدەهێنێت، گوێگریش هەستیپێدەکات، جا چ وشە یا ڕستە بێت، دەکرێت ئەو خێرایە بە هێواش یان خێرا یان مامناوەند پەسنبکرێت (البار، 2014، صفحة 47)، ئاوێنەیەکە لایەنی دەروونی و سۆز و هەڵچوونی قسەکەرمان بۆ دەردەخات، هەمو قسەیەک خێرایەکی دیاریکراوی هەیە، هەندێک جار خێرایە، هەندێک جاریش هێواشە، لە بارودۆخێکی تردا، بۆنمونە؛ خێرایی خوێندنەوەی ڕۆژنامە جیایە لە خێرایی وتاردانێک، یا بەخێرهێنانی سەرکردەیەک، دەگونجێت تێکڕای تیمپۆی قسەکردن دیاریبکرێت، لە ڕێگەی دیارکردنی ئەو کاتەی لە گۆکردنی دەنگ و وشەکان خایانراوە، پاشان دیارکردنی ژمارەی ئەو دەنگانەی کە گۆکراون، بەسەر کاتی گشتی دابەش دەکرێت و ئەنجامێک دەردەچێت، ئەو ئەنجامە بە پێوانەی تیمپۆ(القیاس التزمین)دەناسرێت، ئەو ئەنجامە جۆری تیمپۆکە دیاریدەکات (خێرایە، هێواشە، زۆر خێرایە، زۆر هێواشە، مامناوەندیە). (ابوعاصي، 2009، صفحة 34) کەواتە؛ دەتوانرێت بەم شێوەیە جۆری تیمپۆ دیاریبکرێت:

ژمارەی فۆنیمەکان

تێکرای قسەکردن=.........................

کاتی تەواو بە چرکە

گریمان ڕستەیەک لە (30) دەنگ پێکهاتووە، لە ماوەی (2) چرکەدا دەردەبڕدرێت، ئەو کاتە تێکڕای

$$\frac{30}{2} = 15$$

---------- دەنگ لە چرکەیەکدا (ف/چ)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو وشانەی بیرێکی گرینگیان هەڵگرتووە، قسەکەر بە خێرایەکی کەمتر دەیڵێت، لەو وشانەی گرینگیان کەمترە، ڕۆڵێکی گرینگی لە پرۆتۆکۆلدا هەیە ، گوزارشت لە هەست و سۆزی قسەکەر دەکات.

## 4 پرۆتۆکۆلی نازمانی:

پرۆتۆکۆلی نازمانی ڕۆڵێکی گرنگیی لە پرۆتۆکۆلدا هەیە، بەو پێیەی ڕێگەیەکی نازارەکییە بۆ پەیوەندیگرتن ، دەتوانێت زانیاری زۆر لەسەر مەبەست و هەست و هەڵوێستی کەسێک بگەیەنێت، چەند نمونەیەک لە ڕۆڵی پرۆتۆکۆلی نازمانی لە پرۆتۆکۆلدا بریتین لە؛

**سڵاوکردن:** شێوازی پێشکەشکردنی خۆت، لە کاتی سڵاوکردن، بۆ دانانی تۆنی گونجاو بۆ کۆبوونەوەکە، دەستگرتنێکی توند و سەرسوڕمان، دەتوانێت متمانە و ڕێز بگەیەنێت.

**دۆخی جەستە:** شێوازی دانیشتن و وەستان بە ڕێکی لە بۆنەیەکی پرۆتۆکۆلیدا، ئاستی متمانە و دەسەڵات نیشاندەدات، شلبونەوە و پاڵدانەوە، پەیامی بێباکی و بێڕێزی دەنێرێت .

**بەرکەوتنی چاو:** پاراستنی بەرکەوتنی چاو لە کاتی گفتوگۆدا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تۆ چالاکانە گوێ دەگریت و سەرقاڵی گفتوگۆکەیت.

**ئاماژە:** وەک جوڵەی دەست، دەتوانرێت بۆ جەختکردنەوەی خاڵەکان لە کاتی گفتوگۆدا بەکاربهێنرێت، بەڵام زۆر گرنگە بە کەمی و لەکاتی گونجاودا بەکاربهێنرێن.

**دەربڕینی ڕوخسار:** زۆر شت لەبارەی هەست و مەبەست دەگەیەنێت، زەردەخەنەیەکی دۆستانە، وا لە بەرامبەر دەکات، هەست بە ئاسودەیی بکەن لە کاتی بۆنەیەکی پرۆتۆکۆلیدا.

### 1-4 پرۆتۆکۆلی نازمانی و زمانی جەستە:

زمانی جەستە بەشێکی سەرەکییە لە زانستی پارازمانیدا، ئەم زانستەش لقێکە لە لقەکانی زانستی زمان، لەو ئاماژانە دەکۆڵێتەوە کە لە پەیوەندیگرتنی نازمانیدا بەشدارییدەکەن ، پەسنی ئەو هۆکارانە دەکات کە لە دەرەوەی زمانی زارەکین، واتە؛ دیاردەی نازمانین و پەیوەستن بە زمانەوە، وەک زمانی جەستە و هێز و ئاوازە، (شحرور، 2008، صفحة 9)، لە

ساڵی (1967ز) پرۆفیسۆر (ئەلبێرت مێهرابیان)، توێژینەوەیەکی لە زانکۆی (پێنسیلڤانیا) ئەنجامدا، بابەتەکە بریتیبوو لە: (زمانی جەستە تا چەند دەتوانێت کاریگەربێت)، دەرکەوت زمانی جەستە کاریگەرترە لەو وشانەی دەیانڵێین!. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەم شێوەیە کورت دەکەینەوە:

- 55)٪ (سەرنجی خەڵک، لەسەر بنەمای پێگەی جەستەت و جوڵە و ئاماژەیە.
- 38)٪( ئیمپرێشن (تێڕوانین) لە سەر بنەمای تۆنی دەنگ (تیمپۆ و چڕی دەنگ)ە.
- تەنیا (7٪) لەسەر بنەمای ئەو وشانەیە کە دەیڵێیت.

واتە؛ (93٪)ی کاریگەرییەکانمان، تەنیا لەسەر بنەمای زمانی جەستە و تۆنی دەنگە! لە کاتێکدا تەنیا (7٪) پشت بە وشە دەبەستن! ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، دەنگدانەوەیەکی گەورەی جیهانی لێکەوتەوە (بیز، 2008، صفحة 9)، زمانی جەستە ڕێگەیەکی خێرایە بۆ تێگەیشتن لە هەستە نادیارەکانی بەرانبەر، پاش دیاریکردنی بیرکردنەوەی بەرانبەر بە پێی جوڵەکانی جەستەی، لە قۆناغی دووەمدا، ئێمەش پشتگیری خۆمانی نیشاندەدەین، سەبارەت بە بیرکردنەوەکانی کە هاوڕاین لەگەڵی، پاشان بە شێنەیی، جوڵە جەستەیەکان و وتەکانمان هاوتا دەکەین، لەگەڵ جوڵە جەستەیی و بیرکردنەوەکانی بەرانبەر بۆ ڕازیکردنی، چونکە لاسایکردنەوەی جوڵەی جەستەی کەسی بەرانبەر ئەوە دەگەیەنێت کە بەرانبەرەکەی خۆشدەوێت.

## 2-4زمانی جەستە و ڕۆڵی لە پرۆتۆکۆلی ڕازیکردن:

پرۆتۆکۆلە نازمانییەکان، کە لە کردەی ڕازیکردندا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، لە ئاماژە جەستەیی و هێما ڕوخساریەکاندا خۆیان دەبیننەوە، لێرەدا ئاماژە بەو شێوانەی زمانی جەستە دەدەین کە ڕۆڵیان لە پرۆتۆکۆلی ڕازیکردندا هەیە:

### یەکەم/ جلوبەرگ و کاریگەرییەکانی:

شێوازی لەبەرکردنی جلوبەرگ لە بۆنە فەرمی و نافەرمییەکاندا، بایەخی خۆی هەیە، هەر بۆنە و جۆرێک یاخود شێوازێکی تایبەت دەخوازێت، بە پێێ یاساکانی پرۆتۆکۆلی دیپلۆماسی و نێودەوڵەتی، لە بۆنە فەرمییەکاندا، قات و بۆینباخی ڕەنگ تۆخ لەبەردەکرێت، جگە لەوەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێڵاو و گۆرەوی ڕەش لەپێدەکرێت، زۆربەی جار سەرۆکی وڵات لە وڵاتەکەی خۆی، بە جلوبەرگی نەتەوەییەوە پێشوازی لە میوانەکانی دەکات، بۆ نمونە: (مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە جلوبەرگی نەتەوەییەوە پێشوازی لە میوانەکانی هەرێمی کوردستان دەکرد، سەرۆکی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، بە جلوبەرگی نەتەوەییەوە پێشوازی لە میوان دەکەن)

**دوەم/ئاماژەکانی سڵاوکردن:**

•**سڵاوکردن بە دەست:** لە نێو کلتورە جیاوازەکاندا هەندێك سڵاوکردن هەن، تایبەتە بە خودی ئەو کلتورە، یان بە هۆی ڕێباز و ئاینەوە جیادەکرێتەوە، وەک: سڵاو لە نێو میللەتانی عەرەب و ئەو وڵاتانەی لە ژێر دابونەریتی ئیسلامدان، یان سڵاوی تایبەتی هیندۆسەکان کە بە (نەمەستێ) ناسراوە، بە گشتی سڵاوکردن لە دنیا ئاماژەی ئەوەیە، هیچ جۆرە چەکێکی پێ نییە و زیاتر مەبەستی دۆستایەتی و ڕێزە،

•**سڵاوکردن بە ڕێگەی چەمینەوە و سەردانەواندن:** لە سەرەتادا بۆ ستایش و ڕێزگرتن، لە وڵاتانی ڕۆژئاوا پەیدابوو، ئێستاش وەک هێمایەک ماوەتەوە، بۆ پرۆتۆکۆلی پێشوازی لە پادشا و شاژن و سەرۆک ، هەرچەندە لای چینیەکان و یابانیەکان و کۆریەکان وەک کلتورێک بە گشتی پەیڕەوی لێدەکرێت، (لە کاتی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەم سڵاوکردنە لە نێو بەرپرسە باڵاکان باو بوو)



وێنەی ژمارە (4) شێوازەکانی سڵاوکردنی پرۆتۆکۆلی نیشاندەدات

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سێیەم/ئاماژەکانی تەوقەکردن:**

یەکێکە لە هێما بڵاوەکانی ڕێزگرتن لە سەرتاسەری جیهاندا، لە ناو هەمو کەلتورێکدا بەکاردێت، شێوەی تایبەتی و جۆراوجۆری هەیە، لە ئەورووپادا لە کۆنەوە کە کەسێک دەست درێژ دەکات بۆ تەوقەکردن، واتە دەستی بەتاڵە و هیچ چەکێکی کوشندەی پێ نییە، دەست خستنە ناو دەست، تەنیا مەبەستی دۆستانە و ڕێزە، چەند جۆرێکی هەیە کە هەریەکەیان ئاماژەی تایبەت و شیکردنەوەی تایبەتی خۆی هەیە.



شێوەی ژمارە(5) شێوازەکانی تەوقەکردن لە پرۆتۆکۆل پیشاندەدات

**چوارەم/ مەودای نێوان لە دانیشتن و ڕاوەستاندا:**

مەودای کەسی: ئەو ناوچەیەیە کە دەوری تاکەکەی داوە، بە موڵک وماڵی خۆی و بە بەشێک لە خۆی دەزانێت، بە پێی بەهێزی پەیوەندییەکەی لەگەڵیاندا، ڕێگە بە چوونە ژورەوەی خەڵک دەدرێت. ئەم چەمکە کە بە (Proxemics) ناسراوە لە جیهانی زمانی جەستەدا، لە لایەن پرۆفیسۆر (ئێدوارد تی هۆڵ) لە ساڵی (1966ز) دەرکەوت، لە توێژینەوەیەکدا کە مەودای فیزیکی نێوان مرۆڤەکانی لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی جیاوازدا پێوانە کرد.




وێنەی ژمارە (6) مەودای فیزیکی کۆمەڵایەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جەستەی هەموکەسێک سنورێکی نەبینراوی هەیە کە تاک هەست بە ئاسودەیی دەکات تیایدا، کاتێک لەگەڵ هەرکەسێک قسە بکات، ئەو کەسە دەچێتە ناوییەوە، دەبێت لەکاتی قسەکردن لەگەڵ کەسانی تردا لە پرۆتۆکۆل لەبەرچاو بگیرێت، بێ ئاگایی مرۆڤ لەم دوورییە و گرنگیینەدان بەو دوورییە، کێشە بۆ قسەکردن دروستدەکات، بۆیە هەرکات کەسێک هەنگاوێک لێت دوور دەکەوێتەوە، ڕایدەگەیەنێت کە چویتەتە ناو (مەودای کەسی) ئەو.

**مەودای کەسی و دابەشبوونەکانی:**

-لە (١٥سم) بۆ (٤٥سم)، مەودای ئینتیمی: تەنیا بۆ خۆشەویستان و خێزان و منداڵانە.

-لە (45سم) بۆ (1,2م)، مەودای چونە ژورەوەیە بۆ تەوقەکردن، مەودای هاوڕێیەتیە.

-لە (1,2م) بۆ (3,6م)، مەودای کۆمەڵایەتی: بۆ کەسانێکت متمانەیان پێناکەین، وەک نێوانی کڕیار و فرۆشیار.

-زیاتر لە (6,3م)، مەودای ئامادەبووان: ئەم مەودایە بۆ ئامادەبووانە، لە کاتی پێشکەشکردنی وتاردا.




وێنەی ژمارە (7) دابەشبوونەکانی مەودای کەسی( Shourbaji ، .2019)

**پێنجەم/ دانیشتن شێواز و ئاماژەکانی:**

شوێنی دانیشتن کاریگەریی زۆری لە کردەی ڕازیکردن بە تایبەت لە پرۆتۆکۆلدا هەیە، بۆ نموونە؛ لە دانیشتنی ڕووبەڕوودا مرۆڤ وا هەستدەکات لە شەڕدایە، هیچ ئازادییەکی جوڵانەوەی نییە، باشترین شێوە ئەو دانیشتنەیە بە گۆشەی (45) پلە دابنیشن، چونکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوڕێیەتی و هاوشانیکردن دەگەیەنێت (دزەیی، 2013، صفحة 30)، بە گشتی لە پرۆتۆکۆلی فەرمیدا شێوازەکانی دانیشتن ئەمانەن:

-دانیشتن لەگەڵ کردنەوەی هەردو دەستەکان، هێمای ڕاستگۆی، ڕاشکاوی و پاکانەیە.

-جوڵاندنی قاچەکان و گۆڕانی خێرا خێرا، نیشانەیە بۆ نەبوونی ئارامی.

-دانیشتن و قاچ لەسەر قاچ، جوڵاندنیان بەبەردەوامی، بێزاری و وەڕس نیشاندەدات.

-دانیشتن و قاچەکان دووربن لەیەکەوە، نیشانەی پشووە یان خاوبوونەوەیە.

-دانیشتن و جووتکردنی قاچەکان، نیشانەی باوەڕبەخۆبوونە.

-دانیشتن لەسەر لێواری کورسی، نابەدڵی و گرژی تورەیی نیشاندەدات، نوساندنی پاژنەکانی پێ بەیەکەوە و جوڵاندنیان بەڵگەی بێ ئارامیە.

-دانیشتن و جێگیری قاچەکان، نیشانەی کەسێکی سەربەخۆیە لە شێوازو کردەوەکانی.

## 5 ڕۆڵی پرۆتۆکۆلی زمانی و نازمانی لە لە ڕازیکردندا:

کردە قسەیەکان ئەو ڕێگایانەن بە هۆیەوە دەتوانین ڕوی ڕاستەقینەی نهێنیەکان ئاشکرا بکەین، هەر لە هەمان ڕێگەشەوە بیری بەرانبەر داگیر بکەین، لەم قۆناغەدا جۆری کەسایەتییەکە دەستنیشان دەکرێت، لە ڕوانگەی دەنگ و وشە و ڕستە و شیوازی ئاخاوتنەوە، کە هەر یەک لەم لایەنانەش، خۆی لە دوو بواردا دەبینێتەوە، لایەنی زمانی و لایەنی نازمانی، کە پێکەوە هاوشان دەبن بۆ خستنەڕوی نهێنیەکانی دەروونی تاک، شان بە شانی ئەمەش، دەستدەکرێت بە جێبەجێکردن و بێهێزکردن و گۆڕینی ڕەوتی تاک و لادانی ئەو ڕێڕەوەی گرتوویەتییەبەر، بۆئەوەی پەیامە دەنگی و نادەنگیەکانیشمان بە باشترین شێواز بە لایەنی بەرانبەر بگەیەنین، پێویستە بە دوو شێوە ڕەچاوی یاساکانی زمان بکرێت، یەکەم لە ڕوی پێکهاتەوە، دووەمیان لە ڕوی واتا و ئاوازە و هێما و ئاماژەوە، کە بە هۆیەوە بیرۆکەکانمان دەگوازرێنەوە بۆ گوێگر.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 6 ئەنجام:

1- زمانی دیپلۆماسی ئەو زمانەیە کە رێزی زیاتر تیادایە، دەوڵەت لە ئاستی پرۆتۆکۆڵ و دانوستاندنە فەرمیەکان و نامە و نوسراو و کۆنگرە نێودەولەتیەکاندا بەکاری دەهێنێت، دەولەت بەم زمانە رەوایەتی بە پەیرەوە رامیاریەکان و یاسا و دەستور و دارشتنی بەندەکانی رێککەوتننامە نێودەولەتیەکان دەدات.

2- پێویستە خانەخوێ گونجان لە نێوان زمان و ئاماژە نازمانیەکان(چونکە هەندێجار تەواوکەری یەکن و هەندێجاریتر دژی یەکن) لە تەدارەکە پرۆتۆکۆڵیەکان و ئەتەکێتی دیپلۆماسیدا دروستبەکات، بۆ کاریگەری خستنەسەر دەرونی بەرانبەر، بە ئامانجی دڵخۆشکردن و رازیکردنی.

3- لە دانوستاندنە پرۆتکۆڵیەکاندا، رازیکردن لە رێگەی هۆشەوە، بە بەڵگەهێنانەوەی ئەقڵی، بەهێزترین رێگەیە، بۆ دەستەمۆکردنی ئەقڵ و دەرونی بەرانبەر.

4- لە دانوستاندنە پرۆتکۆڵیەکاندا، رازیکردن لە رێگەی هۆشەوە، بە بەڵگەهێنانەوەی ئەقڵی، بەهێزترین رێگەیە، بۆ دەستەمۆکردنی ئەقڵ و دەرونی بەرانبەر.

5- وشە ئەرێنیە وروژێنەرەکان، رۆڵی بەرزیان هەیە، لە سەرکەوتنی دانوستانە پرۆتۆکۆڵیەکان، بە قازانجی خانەخوێ.

6- رستەی رون و بێ گرێ و گۆڵ کە واتا و لێکدانەوەی قوڵ هەڵنەگرن، کاریگەرترن لە رستە ئاڵۆز و پڕ واتاکان، لە پرۆتۆکۆڵی رازیکەردا، باشترە سود لە رستەی باسمەند وەربگیرێت و بۆچونەکان لە گشتەوە بگۆڕێت بۆ تاک.

7- لە کردەی پرۆتکۆڵ و دانوستانە فەرمیە باڵاکاندا، دەبێت رۆڵی فۆنیمە ناکەرتیەکان لەبرچاوبگیرێت بەم جۆرە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- ئەگەر وەستان لە قسەکردن، لە بەینی گوتنێک و گوتنێکیتردا، لە (0،75) چرکە زیاتری خایاند، ئاماژەی شڵەژانی دەرونی و گومان و دودڵیە لە بیرکردنەوەدا، هەرچەندە ئاخاوتنەکە ئاڵۆزتر بێ وەستان درێژتر دەبێ.
- ئاوازەی دەربڕین هۆکارێکە بۆ ناسینەوەی هەستی شاراوەی ناخی بەرانبەر، ئەگەر دڵخۆشبێت، ئاوازەی دەنگی زیندو بە جۆشوخرۆش دەبێت.
- کەسایەتی خاوەن دەنگی نەرم، هەستی ئاسودەبون و ئارامی دەبەخشێتە بەرانبەر، بۆیە بۆ کاری پرۆتۆکۆلی لە کەسایەتی دەنگ گڕ پەسەندترە دابنرێت،
- قسەکەر هێزێکی زیاتر دەخاتە سەر ئەو وشە و دەربڕینانەی مەبەستێکی تایبەتی لە پشتەوە هەیە، هێواشتر لە دەربڕینەکانیتر دەریدەبڕێ
- ئەگەر کەسێک لە کاتی هەڵچونداوبوو، خێراتر قسەدەکا، لە کاتی ئاسایی خۆی.

8- لە زۆربەی بڕگەکانی کردەی پرۆتۆکۆڵدا زمانی جەستە ڕۆڵ دەگێڕێت بەم جۆرە:

- جلوبەرگ پەیامێکی بێدەنگ دەگەیەنێت، لە چالاکیە پرۆتۆکۆڵیە فەرمیەکاندا، جلوبەرگی فەرمی (چاکەت و پانتۆڵ وبۆینباخ) کاریگەرترە لە جلوبەرگی نەتەوەیی، ئەگەری ڕازیکردن زیاتر دەکا.
- تەوقەکردن بە شێوازی دەستخستنە سەرشان، یان قۆڵوباسک گرتن، لە کاتی بەخێرهێنانی میوان، ڕێگەی گەیشتن بە ناخی ئاسانتر دەکات و متمانە زیاتر دەکات.
- لە کردە پرۆتۆکۆڵیەکان، دەبێت بە گوێرەی پێوەرەکانی مەودای کەسی (ئیدوارد تیهۆڵ) مەودای دوری لەگەڵ میوان بپارێزرێت
- لە دانوستان و بەخێرهێنانە فەرمیەکاندا، دانیشتن بە گۆشەی 45 پلە کاریگەرترین جۆری دانیشتنە، بۆ ڕاکێشانی هەستی نزیکی و خۆشەویستی میوان و ڕازیکردنی.

- لاساییکردنەوەی جوڵەکانی دەستی بەرانبەر بە وریایی و هێواشی، هەستی بەرانبەر ئارام دەکاتەوە، وای لێدەکات هەستی نزیکایەتی لە ناخیدا دروستبێت، ئەمەش کار لە گەیشتن بە ئەنجامی ڕازیکردن دەکات.

## 7 لیستی سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردیەکان؛**

1. خورشید, غ. ع. (2010). سایکۆلۆژیای زمان. دهۆک: چاپخانەی سپیریز.
2. دزەیی, ع. م. (2013). ڕازیکردنی خێرا لە چوار هەنگاودا. هەولێر: چاپخانەی ماردین.
3. ڕەسول, ع. ح. (2021). زمانەوانیی کارەکی، وانەکانی ماستەر. هەولێر: زانکۆی سڵاحەدین.
4. سوڵتان, ش. ئ. (2022). پرۆتۆکۆل و ئەتەکێتی دیپلۆماتیک. هەولێر: چاپخانەی هەڤاڵی هونەری، چاپی7.
5. عەبدوللا حەسێن ڕەسول. (2022). شیکردنەوەی وتار. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سڵاحەدین.
6. فەتاح, م. م. (1984). زمانەوانی. هەولێر: زانکۆی سەڵاحەدین.
7. فەتاح, م. م. (1990). زمانەوانی. بەغداد: دار الحکمە.
8. فەتاح, م. م. (2011). زمانەوانی. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.،
9. فەرهادی, س. ع., & بەرزنجی, ش. ڕ. (2020). ڕێزمانی بەراورد. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین
10. ئەحمەد, م. ع. (2011). گەردانکردنی کار لە زمانی پەهلەوەی وکوردیدا- کرمانجی سەرو. هەولێر: زانکۆی سەڵاحەدین.
11. ئەمین, و. ع. ( 1994). هێز و ئاواز. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ-143, 13.

**12. سەرچاوە عیرەبیەکان؛**

13. احمد بن راشد بن سعيد. (2003). قوة الوصف، دراسة في لغة الاتصال السياسي. مجلة عالم الفكر، العدد1، 211.
14. البار, ا. م. (2014). مظاهر نظرية التحويل عند تشومسكي في الدرس النحوي العربي. جدة: عالم الكتب الحديث.
15. بيز, أ. و. (2008). المرجع اكيد في لغة الجسد. الرياض: مكتب جرير.

16. الحديدي, م. س., & علي, س. أ. (2006). الاعلام والمجتمع. قاهرة: دار المصرية اللبنانية ط2.
17. حمدان رضوان ابوعاصي. ( 2009). الأداءات المصاحبة للكلام و أثرها في المعنى. مجلة الجامعة الإسلامية للبحوث الإنسانية،غزة -المجلد 17، 2.
18. داود عبدة. (1977). دراسات في علم الاصوات العربية. الكويت: مؤسسة الصباح.
19. سفيفن اولمان. (1986). دور الكلمة في الغة. المصر: مطبعة الشباب .
20. سموحي فوقة العادة. (1974). قواعد البوتوكول. بيروت: دار اليقظة العربية.
21. سهل ليلى. ( 2010). التنغيم واثرة في اختلاف المعنى و دلالة السياق. مجلة كلية الاداب والعلوم الانسانية والاجتماعية-جامعة محمد خيضرة-العدد السابع، 2.
22. صالح خليل أبو اصبع. (1999). الاتصال و الاعلام في المجتمعات المعاصرة. عمان، الاردن: دار أرام للدراسة والنشر ط3.
23. عبدالفتاح الزينى. (1990). قواعد المراسم. قاهرة: ادارة المراسم المصرية.
24. علي الوردي. (2005). خوارق اللاشعور. ايران: منشورات سعيد بن جبير.
25. علي برغوث. (2005 ). الاتصال الإقناعي. فلسطين: جامعة الأقصى للنشر والتوزيع.
26. فارع, ش. (2003). مقدمة في اللغويات المعاصرة. عمان: دار وائل للنشر.
27. ليلى شحرور. (2008). لغة الجسد للسيدات والرجال اعمال. بيروت: دار العربية للعلوم ناشرون.
28. مبارك حنون. (2003). في الصواتة الزمنية الوقف في اللسانيات الكلاسيكية. الرباط،: دار الامان.
29. محمد اسماعيل صينى، و اسحاق محمد امين. (2019). التقابل الغوى وتحليل الاخطا. رياض: شؤون المكتبات , جامعة الملك سعود.
30. مصطفى حجازي. (2019). الاتصال الفعال في العلاقات الانسانية و الادارة. بيروت،: المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع.
31. موسى الشامى. (1988). للسانيات التطبيقيه الى آين. المجله المغربيه لتدريس اللغات، المغرب.
32. موفق الحمداني. (1982). اللغة و علم النفس،. موصل: دار الكتب الطباعة والنشر.
33. مێهرنۆ, ئ. خ. (2018, 8 4). https://sarzaminezaban.com/. Retrieved 5 9, 2021, from sarzaminezaban.com

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

## سەرچاوە ئینگلیزیەکان

1. Akmajian, A. (1984). An introduction to language and communication. London: Cambridge.
2. Angelis, D. (2015). Third or additional language acquisition. Clevedon-lindon: Gessica.
3. carman, M., & singleton, D. (2019). age and multilingualism. clevedon: london.
4. carmen, m. (2000). bilingualism and trilingualism in school. clevedon: london.
5. Carr, P. (1999). English Phonetics & Phonology. Journal of the International Phonetic Association-Cambridge University Press, p88.
6. Céline, L.-F. (2011). Deutsche Biographische Enzyklopädie Online. germain : De Gruyter.
7. Cenoz, J. (2001). third language acquisition: Psycholinguistic perspectives . Clevedon: Clevedon Bid Limited.
8. Jessner, U. (1999). Metalinguistic awareness in multilinguals. Dordrecht: Kluwer Academic.
9. Molnar, T. (2010). Second language versus third language vocabulary acquisition. Szeged: university of Szeged.
10. Murphy, S. (2003). Second language transfer during third language acquisition . New York: columbia university.
11. Serrill, B. (1985). Non-Errors of the Third Kind? roma: Dissertation Abstracts.
12. Shourbaji, Y. (2019 .(فبراير 13 ,https://www.twrqdratk.com/. Retrieved ,3 ئايرل ,2018from https://www.twrqdratk.com/2018/04/3.html
13. Trask, R. (1996). Dictionary of phonetics and phonology. kondon: Eds.

---

# The Role of Linguistic and Nonlinguistic Protocols in Persuasion

**Khalil Sharif Mawloud**
Department of Kurdish, College of Language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
xalilsharef@gmail.com

**Prof. Dr. Abdullah Hussein**
Department of Kurdish, College of Language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
abdulla.raswl@su.edu.krd

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

***Keywords:*** *Role, Protocol, linguistic protocol, Non-linguistic, protocols, persuade*

## Abstract

Protocol and the art of etiquette is a priority of official and state affairs in today's world, which is the most attention of the media and social media in the official visits of presidents and high-ranking delegations. This study is the first attempt in Kurdish to show the role of linguistic and non-linguistic signs and gestures in the act of communication protocol and etiquette, the impact of this role in the act of persuading the other person. The research consists of two main parts. The first part deals with the introduction of protocol and etiquette and identifies the relationship between language science and protocol and communication Discuss ways to persuade. The second part of the research consists of two topics, the first topic discusses the (language protocol) in which the ability to speak, speaking style, types of words and sentences and their effects are explained, with linguistic cues such as sound, melody, force, pause and tempo.The second topic is the discussion of non-verbal protocols, which include body language, such as dress, greeting gestures, shaking hands, distance between people, sitting and mannerisms.

---

## دور البروتوكولات اللغوية وغير اللغوية في الإقناع

### ملخص:

البروتوكول وفن الإتيكيت من أولويات الشؤون الرسمية وشؤون الدولة في عالم اليوم ، وهو ما يحظى باهتمام وسائل الإعلام ووسائل التواصل الاجتماعي في الزيارات الرسمية للرؤساء والوفود رفيعة المستوى.هذه الدراسة هي المحاولة الأولى باللغة الكردية لإظهار دور الإشارات والإيماءات اللغوية وغير اللغوية في فعل بروتوكول وآداب الاتصال ، وأثر هذا الدور في فعل إقناع الشخص الآخر. يتكون البحث من جزئين رئيسيين: الجزء الأول يتناول إدخال البروتوكول والآداب ويحدد العلاقة بين علم اللغة والتشكيل والتواصل ناقش طرق الإقناع. الجزء الثاني من البحث يتكون من موضوعين ، المبحث الأول يناقش (بروتوكول اللغة) حيث يتم شرح القدرة على الكلام وأسلوب التحدث وأنواع الكلمات والجمل وتأثيراتها، مع إشارات لغوية مثل الصوت واللحن ، القوة والتوقف والإيقاع. المبحث الثاني هو مناقشة البروتوكولات غير اللفظية ، والتي تشمل لغة الجسد ، مثل اللباس ، وإيماءات التحية ، والمصافحة ، والمسافة بين الناس ، والجلوس والسلوكيات.